# نامەیەکی دیکەی ڕۆمانی"نامەکانی نامۆ"

***ئاوێزان نوری***
*Awezan_n@yahoo.com*



**ئەم نامانە لە چیرۆکێکی دورو درێژدا حزوریان هەیە, بەڵام من پێم خۆشە بەر لە داگرتنی ڕۆمانەکە هەندێ لە نامەکانی نامۆ بڵاو بکەمەوە کە نامۆ یەکە پاڵەوانی نێو چیرۆکەکەیە**

"بابە گیان..

چاوەکانت ماچ دەکەم بابە زۆرت بیردەکەم, زۆر حەز دەکەم بێمەوە خزمەتت, ئاواتەخوازم بگەڕێمەوە تا ئەو کاتانەی دێیتەوە بەخێرهاتنەوەت بکەمو ئاوت بدەمە دەستو هیلاکیت بڕەوێنمەوە, بەڵام ئەفسوس کچەکەت مرد, بەدەستی خۆت چاڵێکت بۆ هەڵکەندو زینەبەچاڵت کرد، ئاخر بابە تاوانێکی نەبوو نامۆ, بۆچی بێزار بووی لێی..؟ لە پێناو ئەوەی پێت بڵێن پیاوێکی چەند باشو بەرەحمە کچەکەی خۆی بەکراسی بەری دا بە برازاکەی..؟ بابە گیان تازە کۆتایی بە ژیانی من هات, هەر لەو ساتەی خۆم کردە قوربانی بڕیارەکانت، گەر دەزانی چەند نەخۆشم چەند غەمبارم جگە لە گریەو دوو دوعا لەسەر بەرماڵەکەم کە ئەوانیش ناگەنە حزوری خودا هیچی دیکە ناکەم بابە..

بابە گیان.. هەست دەکەم توشی نەخۆشیەکی پیس بوومە چارم نەماوە.. بابە گەر منت فەوتان توخودا خوشکەکانی دیکەم مەفەوتێنە، تکا دەکەم بابە گیان ئاگات لێیان بێ با بەویستو ئارەزووی خۆیان هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن، زۆریان لێ مەکە، چاوت لەدایکیشم بێت گەلێك ماندووە بەڵام داخەکەم ناتوانم بێمەوە یارمەتی بدەم، ناتوانم وەك جاری جارانیش خەونی جوان ببینم، چونکە ڕەنگی هەموو خەونە جوانەکانی کچێنیم لەگەڵ لەبەر کردنی کراسی بوکێنیم سپی بوونەوەو هیچ شیکردنەوەکیان بۆ نەما، پێکەنینو قسە خۆشەکانم وەکو ئەڵقەکەی پەنجەم سنوریان بۆ پەیدا بوو، بابە گیان نامەوێ هیچی دیکە بڵێم چونکە تۆ منت قبوڵ نیە بگەڕێمەوە نەبادا خەڵك قسەت پێ بکەن، منیش قبوڵم نیە بابم خەڵکی لەمن خۆشتر بوێ، جا تکا دەکەمو دەیڵێمەوە خوشکەکانی دیکەم نە بیانبەخشەو نە بیانفرۆشە، لە کۆتاییدا هیوادارم هەر لەخۆشیدا بنو هەردەم شادبن..

کچە بەدبەختەکەت

نامۆ "